چاوپێکەوتن

**لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی حورپییەت**
**بەڕێوەبەری گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی:**

## ئاماده بن کاتێک ئەردۆغان و ئۆجالان
## لە یەک شانشین دا خەڵات وەردەگرن، بیانبینن

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی بەو چالاکیانەی لە سەر ناوچە کێشەدارەکانی جیهان ئەنجامی دەدات و ئەو ڕاپۆرتانەی ئامادەی دەکات، ڕێکخراوێکی هزری شایانی ڕێز و حورمەتە. کاتێک باسی چارەسەری ئاڵۆزییەکان دەکرێت، ناوی کەسانی وەک "مارتی ئاتیساری" و "جۆرج میشێل" کە لە ئاستی باڵای بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا شوێنیان هەیە، لەو ناوانەن کە دەست بە جێ دێنە مێشکی مرۆڤ. هۆگ پۆپ، بەرپرسی بەشی تورکیای گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی سەبارەت بەو ڕاپۆرتەی ئامادەیان کردووە دەدوێت.

ڕاپۆرتێکیان لە ژێر ناوی؛ " تورکیا و PKK، ڕزگارکردنی قۆناغی چارەسەری" ئامادە کردووە، لەو ڕاپۆرتەدا کە لە سەر ڕەوتی دان و ستانەکانی نێوان ئەنقەرە و قەندیل ئامادە کراوە، هەر چەندە ئاگامان لە وردەکارییەکانی نییە، بەڵام سەرەداوی گرنگ بە دەستەوە دەدات. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا پێشنیارێک هەیە کە بۆ

ئەمــڕۆکه هەڵگــری پۆتانســییەلەکی زۆری بزوانــدنه، وێنــا کردنــی سیناریۆیەکی خەیاڵی ئاوەهـا؛ " ئەگەر قۆنـاغەکه سـەرکەوتوو بێت، ئەردۆغـانی سـەرۆک کۆمـاری تورکیـا و ئۆجـالانی سـەرۆکی PKK له کاتێکدا شانبەشانی یەک له شانشینێکی نێونەتەوەیی دا ڕاوەسـتاون، خەڵاتـی ئاشـتی وەردەگـرن". به ڕای هـۆگ پـۆپی بەرپرسـی بەشـی تورکیای گرووپی قەیرانـی نێودەوڵەتـی که نووسـەری ڕاپـۆرتەکەیه؛ ئەگەر ئەو ڕۆژه بێـته پـێش ئیتـر بـارودۆخی ئۆجـالان زۆر له مێـژه ئاسایی بووەتەوه.

**ئەوانەی ئاشتی بەرێوه دەبەن، دەبێ له کۆتایی قۆناغەکەدا ئاماده بن بچنه زیندان**

پ/ ئەگەر سـەبارەت به بنەما جیهانییەکانی قۆنـاغی پێکدادان قسـه بکەین، ئەو قۆناغانه کامانەن که دەبێ تورکیا بۆ بەردەوامی ئاشتی پێیدا تێپەڕێت؟

و/ ئەم قۆناغه دەبێ سێ بەشی هەبێت. له بەشی یەکەمدا ئەو کار و چالاکیـانه هەن که تـاوەکوو ڕۆژی ئەمـڕۆ بەرێـوه بـراون. واتـا ئاماده کردنی ژێرخـانی یاسـایی (حقووقی) کارەکه، دیپلۆماسـییەتی ڕای گشــتی و شــتی لەم چەشــنه. له بەشــی دووەمــدا ڕیفــۆرم و چاکسـازییەکان هەن ؛ باسـی ئەو شـتانه دەکەیـن که تورکیـا دەبـێ خـۆی بـۆ خـۆی بکـات، وەک ڕیفـۆرم له یاسـای بنەڕەتـی، مـرۆڤ به بنەمــا وەرگــرتن، خوێنــدن به زمــانی دایــک، ڕیفــۆرم له یاســای ڕووبەڕووبــوونەوەی تیــرۆر. گفتوگــۆی ئەمــانه نــابێ له گەڵ PKK بکەن، بەڵکو پێویسته له ئەنقەره له پەرلەمان گفتوگۆ له سـەر ئەمـانه بکرێت. لەم بابەتانەدا PKK بەردەنگ نییه، بەڵکو پارته سیاسـییەکان بەردەنگن. له بەشی سێهەمدا بابەتی وەک دەست هەڵگرتن له چەک و ئایندەی کاربەدەستانی PKK جێ دەگرێت. بڕوا نـاکەم تـا ئێسـتاش له تورکیـا کەسـێک هەبێت سـەری خـۆی بەم بابەتـانەوه ئێشـاندبێت.

دژوارییەکـی ڕاسـتەقینەی قۆنـاغی ئاشـتی بـۆ هەر دوو لایەنـیش ئەمەیە؛ لە کۆتایی قۆناغەکەدا ئەوانەی ئێستا ئاشـتی بەڕێوە دەبەن، پێدەچێت بە هۆی ئەو تاوانانەی پێشتر ئەنجامیان داوە، هەر خۆیان بچنە زیندان.

پ/ لە ڕاپـۆرتەکەدا بـاس لە میکـانیزمی دادپەروەرانە دەکەن و لە قۆنـاغی راگوزەر یان تێپەڕبوون دا شـوێنێکی گرنگتان بۆ دیاری کردووە، ئەمە چەمکێکە لە تورکیادا زۆر ناسراو نییە، دەتوانن شی بکەنەوە؟

و/ باسی سزادانی ئەو تاوانانە دەکەین کە لە کاتی شـەڕدا ئەنجام دراون. سزادان مرۆڤەکان دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە دادپەروەری شـوێنی خـۆی گرتـووە، بەڵام لە هەمـان کاتـدا بـۆ ئەوەی پـێش بە قۆنـاغی ئاشـتی نەگرێـت، دەبـێ سـزای سـووک بێـت. میکـانیزمە نێودەوڵەتییەکـان دەتوانێت ئەو سـزا سـووکانە لەگەڵ ئەو مەودایەی قۆنـاغی ئاشـتی دەیبڕێت هاوسـەنگ بکات. بـۆ نمـوونە؛ تورکیـا بـۆ ئەوەی ئەو دوو بەشـەی سـەرەتا باسـم کـردن، بە سـەرکەوتوویی تێپەڕێنێت، دەبێ ئارگۆمێنتێکی وەها بخولقێنێت؛ " هەرچەنـدە سـزای قورسمان نەدا، بەڵام بیانووە بنەڕەتییەکانی ئەنجامدانی تاوانمـان لە ناو بـرد". دەکرێ فۆرمولی وەک سزای هەڵواسـراو یانیش زیندانی ماڵی بخرێتە ڕۆژەڤەوە.

**ئەوانەی ئاشتی دەکەن دەبێ بۆ زیندانیش ئامادە بن**

پ/ ئەگەر وەهـا بێـت ئایـا کەسـانی وەک جەمیـل بایـک، مـوراد قەرەیـلان و سـەبری ئـۆک بـزانن دوای قۆنـاغی ئاشـتی دەچـنە زیندانەوە، دیسان ئەم قۆناغە بەڕێوە دەبرێت؟

و/ بەڵی، یان دەشتوانن لە باکووری عێراق بمێننەوە، ئەوان مافی هەڵبژاردنیان هەیە.

پ/ ئەگەر بڕیار بێت تا کۆتایی ژیانیان لە زیندان یانیش لە تاراوگە بمێننەوە، ئەی چۆن بەو پەیمانە ڕازی دەبن کە ئۆجالان لەگەڵ دەوڵەت دەیبەستێت؟

و/ لە ناو ئەوانەدا هەندێک ناو هەن کە پێشتر لە زیندان ماونەتەوە، بۆ نموونە سەبری ئۆک زیاتر لە بیستساڵی لە زیندان بردە سەر، لە ئەنجام دا لە چوارچیوەی ئەو پێوانانەی هەموو کەس لە سەری کۆکە، ناچارن قۆناغێکی تێپەڕبوون کە یاسا بە بەردەنگ بگرێت، پەسەند بکەن.

پ/ ئێوە ماوەیەک پێش ئێستا لە نزیکەوە سەبری ئۆکتان بینی، ئایا ئامادەیە لە بەرامبەر گەیشتنی کورد بە داواکاریەکانیان، ئەوەی لە ژیانی ماوە لە زیندان ببباتە سەر؟

و/ بە ڕای من بەڵێ. ئەگەر سازشێکی باش بکرێت ئامادەن ئەمە بکەن. بەڵام کێشەیەکی ئاوەهاش هەیە؛ کە دەچیتە قەندیل هەست دەکەیت هێشتا بە تەواوی بڕوایان بە تورکیا نییە و لێی دڵنیا نین.

**لێبوردنی گشتی مومکین نییە**

پ/ ئەگەر تورکیا لە کۆتایی قۆناغەکەدا لێبوردنێکی گشتی ڕابگەیەنێت، ئایا ئەو قۆناغە تەنگژەدارانەی لە ئەنجامی میکانیزمی دادپەروەری کە ئێوە باسی لێوە دەکەن، ناخاتە لاوە؟

و/ باس کردن لە لێبوردنی گشتی لە تورکیا هەڵوێستێکی پڕوپڕوڵەرە، بەڵام ئیتر لێبوردنی گشتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا مومکین نییە. بەڵێ تورکیا لایەنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نییە، بەڵام جگە لەمە هەندێک یاسای نێودەوڵەتی هەیە ئەو تاوانانە لەخۆ

دەگرێت کە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دروان. سیستەمێکی یاسای نێودەوڵەتی هەیە کە دەڵێت؛" ئەگەر کەسانی مەدەنی بە کۆمەڵ کوژرابێتن، ئەمە بە دڵنیاییەوە بابەتی لێپێچینەوەیە". ناتوانن مێژوو ڕەنگ بکەن و بڵێن؛ " هیچ شتێک نەبووە، دەی با هەر وەها بەردەوام بین". گەلی تورکیا دەتوانن ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی تورکیا و PKK بانگهێشتی دادگا نێودەوڵەتییەکان بکەن و دۆسێیان لە سەر بکەنەوە. دۆسێی قوبرس بێننەوە بیری خۆتان کە لە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لە دژی تورکیا گەیشتە ئەنجام و هەنوکەش بەردەوامە.

**دەتوانن لە سەر سوپای تورکیاش لێپێچینەوە بکەن**

پ/ بە ڕای ئێوە حکوومەتی تورکیا ئاگاداری ئەم ڕەوشەیە؟

و/ بەڵێ، بە ڕای من دەزانێت، بەڵام نازانێت چۆن بە خەڵکەکەی بڵێت. دیارە ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە هەر چەشنە لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی بکرێت، هێزەکانی ئاسایشی تورکیاش دەگرێتەوە، بەڵام ڕای گشتی تورکیا ئاگاداری ئەمە نییە. ڕاستە شتی سادە نییە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەگەر حکوومەت لە کردنی ئاشتی بە بڕیار بێت، ئەو ڕێگایانەی دەبێ پێیدا بڕوات ئەمانەن. لە بەر ئەوەش هێشتا نەکەوتووەتە ناو ئەم قۆناغە ئاڵۆزەوە. لەم بوارەدا تورکیا دەتوانێت لە ئەزموونی ئەو پسپۆڕانەی بەشداری قۆناغی ئاشتی کۆلۆمبیا بوون، کەڵک وەربگرێت. هەڵبەت هەموو ئەو شتانەی قسەی لێوە دەکەین بۆ PKK ش هەر بەو شێوەیەیە. نازانم ئایا پێویست دەکات بە بیری بێنینەوە کە PKK ناوبانگێکی سەیری لە کوشتنی کەسانی مەدەنیدا دەرکردووە.

**قەندیل حەز ناکات واز لە کوردستانێکی سەربەخۆ بهێنێت**

پ/ ئایا ئەو ئەندامانەی لە قەندیل جێگیر بوون بە بێ مەرج بڕوایان بە ئۆجالان هەیە؟

و/ کاتێک ئەم پرسیارە دەکەیت دەتوانی بشپرسیت کە " ئایا قەندیل چەندە کۆنترۆڵی بە سەر ئەو گەنجانەوە هەیە کە لە دیاربەکر دەڕژێنە سەر شەقام". ئاڤانتاژی ئۆجالان ئەمەیە؛ هەر خۆی هەنووکەش سەرۆکێکی سیمبۆلیکە و کە کاتی بێت تەنیا کەسە کە دەتوانێت فراکسیۆنە جیاوازەکان بکاتە یەک و یەکیان بخات. ئەگەر باسی جیاوازییە هزرییەکانیش بکەین، دەتوانم بڵێم ؛ ئەوانەی قەندیل لە بواری وازهێنان لە ئەندێشەی کوردستانی سەربەخۆ، کەمترین هیوایان هەیە. کە لەگەڵیان قسە دەکەیت تێدەگەیت هەندێک فکریان هەیە سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا.

**خۆسەری دیمۆکراتیک بە واتای سکۆتلەندی سەربەخۆیە**

پ/ لە ناخی ئەو شتەی بە ناوی خۆسەری دیمۆکراتیک کردوویانەتە چەمک، خۆ ئەمەی تێدا نییە؟

و/ بەڵێ ئەم خۆسەرییە دیمۆکراتیکە لە واتایەکدا شتێکی وەک دەوڵەتی تاک پارتییە کە خۆیان سەرۆکی خۆسەری دیمۆکراتیکی ئەو ناوچانە بن. ئەگەر ئەمە ئەو ئامانجە بێت کە ئێوە گەڵاڵەتان کردووە، کێشەیەک نییە. بەڵام ئەو ئامانجەی بزووتنەی نەتەوەیی کورد گەڵاڵەی کردووە، بوون بە پارچەیەکە لە سیستەمی تورکیا. لە لایەکی دیکەشەوە؛ لە ڕاستیدا مەبەست لە خۆسەری دیمۆکراتیک چییە، واتایەکی هەڵواسراوە. تۆبڵێی فێدرالیزمیان بوێت، یان

خودموختاری ناوچەییە، یان سەربەخۆیی ؟ بە ڕاستی نازانین. من نالێم PKK کوردستانی سەربەخۆی ناوێت، بەڵام ئەگەر بیانهەوێت دەبێ بە ڕاشکاوی گەلالەی بکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە داخوازییەکانیان بە ڕاشکاوی ڕاناگەیەنن، کەچی دەیانهەوێت خەڵکی تورکیا لە گەڵیان ئاشتی بکات. سەیر کەن لەو دیدارانەی بەڕێوەبەرایەتی باڵای تورکیا و کاربەدەستانی PKK بە شێوەی داخراو ئەنجامیان داوە، هەر دوو لایەنیش دان بەوەدا دەنێن کە ناتوان بە ڕێکاری سەربازی شکشت بە یەکدی بهێنن. کە واتە هەر دوو لایەن بۆ سازش کردن دەبێ هەنگاو هەڵبگرن. لەم هەل و مەرجەدا هەر کەس چی بوێت پێی ناگات. هەر وەک تورکیا ناتوانێ بە PKK بڵێت؛ " بە بێ مەرج تەسلیم بە . " PKK ش لە رووی کرداریدا ناتوانێت داوای "خۆسەرییەکی دیموکراتیک" بکات کە مانای سکۆتلەندی سەربەخۆ بدات.

پ/ بە ڕای ئێوە خۆسەری دیمۆکراتیک بە واتای سکۆتلەندێکی سەربەخۆ دێت؟

و/ بە ڕای من وایە. پێناسەیەکی یەکجار هەڵواسراوە، بەڵام ئەوەندەی من تێیگەیشتووم مەبەستیان بە خێرایی چوونە ناو وڵاتێکە کە پێکهاتەکەی لە سفرەوە دەست پێبکات. با پارە لە شوێنێکی دیکەوە بێت بەڵام ئێمە بەڕێوەی دەبەین.

PKK دەبێ لە پشت پەردە بێتە دەرەوە و ڕاشکاوانە بڵێت چی دەوێت .

پ/ ئەگەر ئامانجی سەرەکی ئەمە بێت بۆچی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ڕاشکاوی نایڵێت؟

و/ چونکە دەزانن زۆربەی خەڵکی کورد، کوردستانێکی سەربەخۆی ناوێت. ئەگەر بە من بێت بە کارهێنانی دەستەواژەی

خۆسەری دیمۆکراتیک، دەربڕینێکە بۆ ئەوەی ناچار نەبن بڵێن کوردستانێکی سەربەخۆ " دەخوازین" یان " ناخوازین". هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ئومێدەوار بکەن. بەڵام لەم بوارەدا PKK دەبێ لە پشت پەردە بێتە دەرەوە و بڵێت چۆن دەخوازێت ببێتە پارچەیەک لە سیستەمی تورکیا.

**کوردستانی سەربەخۆ مۆدێلێک نییە بکرێ کاری پێبکرێت**

پ/ مەگەر دەتوانن بڵێن ئامانجیان کوردستانێکی سەربەخۆیە؟

و/ تەنانەت لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کوردستانێک نەبووەتە ڕۆژەڤ کە سنوورەکانی بە تەواوەتی دیاری کرابێت، بەڵکوو بە واتای ئەو شوێنانە بەکار هێنراوە کە کوردی لێ ژیاوە. بەڵام ئەمڕۆکە پێموانییە مومکین بێت باسی کوردستان وەک یەکەیەکی جوگرافی بکەین، چونکە هیچ کەس لە سەر سنوورەکانی ئەمە ڕێک ناکەوێت. ئیتر لە نێو ناوچەیەکی وەهادا ئەوەندە جیاوازی کۆمەڵایەتی، سیاسی و زمانی هەیە کە لە ناوخۆیدا بێ واتا بووە. ئەوەی کە بتوانێت بیر لە شتێکی وەها بکاتەوە هێزە.

**لە ئەنقەرە هەموو کەس لە پشت دەرگای داخراوەوە دەڵێت؛ " دوژمنی سەرەکی تورکیا کوردەکان نین، داعشە"**

پ/ بە ڕای ئێوە لە ئێستادا لاوازترین خاڵی قۆناغەکە چییە؟

و/ پێویستە هەر دوو لایەنیش خۆیان ئامادە بکەن بزانن ڕای گشتی هەر لایەکیان لە کام بابەتدا دەتوانن تەعویزبدەن. ئەمڕۆکە ئەمە ناکرێت. هەڵبەت لە لایەکیش ئەو زمان و وشانەی بە کاری دەهێنن گرنگە. ناتوانن کە بەیانی لە خەو هەستان بڵێن؛ " PKK ڕێکخراوێکی ترسناکی تیرۆریستیە" و ئێوارەش لەگەڵ سەبری ئۆک لە سەر مێزێک دابنیشن و دیدارێکی ئارام ئەنجام بدەن. بە تایبەتیش بەراورد کردنی PKK بە داعش یەکجار هەڵەیە. هەر چەند

لە ئەنقەرە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە کە دەپرسیت؛ " دوژمنی سەرەکی کێیە؟" هەموو کەسێک وەڵام دەداتەوە؛ "داعش".

پ/ ئایا کاردەستانی حکوومەت ئەمە دەڵێن؟

و/ بەڵێ، ئەوەی وا لە ناو حکوومەت و سیستەمی ئیداریدا بینیومانە وا دەڵێت. لە ڕای گشتی دا لەوانەیە هێماکانی تورکیا جیاواز بن، بەڵام ئەوانەی بە تایبەت قسەمان لەگەڵ کردوون، داعش وەک مەترسییەکی جیددی بۆ سەر تورکیا پێناسە دەکەن.

**PKK منداڵی سیستەمی کەمالیستە**

پ/ کەواتە بە ڕای ئێوە بۆچی ئەمە لە دەرەوەدا بە دەنگێکی بەرز ڕاناگەیەنن؟

و/ دەزانین کە لەو ناوچە سوننەنشینانەی AKP جەماوەرێکی بە هێزی دەنگدەرانی هەیە، بە سەدان گەنج چوونەتە ڕیزی داعشەوە. هەر لەبەر ئەمەش پێدەچێت ناخوازن تێڕوانینەکان زۆر بە ڕاشکاوی بۆ شەقامی تورکیا دیاری بکەن. بەڵام ئەگەر لە ئەنقەرە پرسیار بکەیت کە "کێ لە داهاتووی تورکیادا دەردەکەوێتە مەیدان ئایا پێکهاتەی عەرەبی سوننە یان کوردەکان؟" هەموو کەس دەڵێت "کوردەکان". دوژمنی سەرەکی کوردەکانیش داعشە. PKKش ڕێکخراوێکی سیکۆلارە، تورکیاش بە گشتی سەیر بکرێت وڵاتێکی سیکۆلارە.PKK بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا منداڵی سیستەمی کەمالیستە. بەڵێ لەوانەیە لایەنێکی سەیری کەمالیزم، گەردوونی بێت، بەڵام لە ئەنجامدا ئێمە باسی شوناسێکی سیکۆلار و مۆدێرن دەکەین. لەوانەیە کە من دەڵێم "کەمالیست" لای ئێوە سەیر بێت، بەڵام ئێوە لە تورکیا بەمە دەڵێن کەمالیزم. وەلێ لە جەوهەری

شتەکەدا بەها گەردوونییەکانی ڕۆژئاوا و دەوڵەتێ سۆسیال بەدی دەکرێت.

**ڕەتکردنەوەی یارمەتی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی بنەبڕ، هەڵەیە. پێدەچێت لە داهاتوودا پێویستیتان پێی هەبێت**

پ/ بەرای ئێوە ئەو کەسانە کێ دەبن کە بە "چاوی سێهەم" پێناسە دەکرێن و دەبێ ئەنجومەنی چاودێری پێک بهێنن؟

و/ دەکرێ مرۆڤی عاقڵ جێی خۆی تێدا بگرێت. ئەگەر لە قۆناغەکەدا لادانێک هەبێت، دەبێ خاوەن هێز و ئۆتۆریتەی ئەخلاقی بن تا بتوانن بۆ ڕاستکردنەوەی بانگەواز بکەن. بۆ نموونە ئەگەر ڕووداوێکی وەک خابوور هەبێت و چووبێتنە سەر پاسێک نەفەرو باسی سەرکەوتن بکەن، دەبێ خاوەنی هێزێک بن کە بتوانن بە بانگەوازێک پێش بە شتی لەم چەشنە بگرن.

پ/ دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە ناسنامە و قسەی مرۆڤە عاقڵەکانی ناو ئەنجومەنەکە لە لای PKK برەوی هەبێت؟ بیرکردنەوە لەمە واقعبینییە؟

و/ هەر ڕاست لە بەر ئەم هۆکارە ئاساییە لە قۆناغەکانی ئاشتیدا لایەنێکی سێهەم ئامادە بێت. دەکرێ حکوومەتێکی بێلایەن بێت. تورکیا زۆر پێشتر بە شێوەی جیاواز ئەزموونی حکوومەتی بێلایەنی هەیە. بۆ نموونە سویسرا بۆ ئیمزا کردنی پرۆتۆکۆلەکانی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان دەورێکی باشی گێڕا. هەر وەک چۆن لە قۆناغی ئۆسلۆ، نەرویجییەکان دەوریان گێڕا و دەرەنجامێکی باشیان خوڵقاند، چونکە توخمی نییەتی هاوبەش لەوێدا ئاوێتەی قۆناغەکە کرا. بە داخەوە کە نەگەیشتە ئەنجام، لەبەر ئەوەی قۆناغەکە هێشتا بە تەواوی پێنەگەیشتبوو.

پ/ حکوومەتی تورکیا لە هەر دەرفەتێکدا جەخت لە لۆکالی بوونی قۆناغەکە دەکاتەوە، ئایا هەڵوێستێکی زۆر ئاشکرا هەیە بۆ ئەوەی بە نیسبەت هاوکاری دەرەوە، داخراو بێت؟

و/ بەڵێ نایانەوێت. پێدەچێت لەم قۆناغەدا هەقیان بێت. لە ئەنجامدا بە تەنیا خۆیان زۆر ڕێگەیان گرتە بەر، بەڵام باسی قۆناغێکی درێژ دەکەین، ئەگەر قۆناغی کرانەوەی دیمۆکراتیکیشی لێ زیاد بکەن، ئەوا بوو بە نۆ ساڵ. هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی قۆناغەکانی داهاتووش پێویستی بە کەسێک نەبێت. هەندێک جار تۆزقاڵێک یارمەتی دەرەوە، باشە. لە بەر ئەوەش بە ڕای من هیچ بژارێک نابێ بە بنەبڕ ڕەتبکرێتەوە.

**کاتی ئەوە هاتووە بانگهێشتی قەندیل و خەڵکی دیاسپۆڕا بکرێت بۆ سەر مێزی گفتوگۆ**

پ/ لەم قۆناغەدا کە دوای نزیکەی دوو ساڵ پێی گەیشتووین، ئەو هەنگاوانەی دەبێ بە خێرایی هەڵبگیرێن، کامانەن؟

و/ بە من بێت ئێستا گرنگترین شت کە دواتر ڕوودەدات دەبێ بە خەڵک بگوترێت. تورکیا بە گشتی وڵاتێکە کە هەموو شت لە فەزایەکی تەم و مژاویدا ئەنجام دەدات، بەڵام ئەمجارەیان سوود لەوەدایە کراوە و ڕاشکاو بێت. مرۆڤەکان ئەگەر نەزانن یارمەتی چی دەدەن، ناتوانن یارمەتی ئەم قۆناغە بدەن. خاڵێکی گرنگی دیکە کە کاتی هاتووە ئەمەیە ؛ ئەردۆغان دەبێ ئیزن بدات کوردەکانی قەندیل و دیاسپۆڕا بێنە سەر مێزی گفتوگۆ. دەبێ ئیزن بدرێت ئەم کەسانە بە شێوەیەکی دڵنیا و بێترس بێنە تورکیا تاوەکوو بتوانن ببنە پارچەیەکی گفتوگۆکان.

پ/ ئایا باسی ئەو مێزی گفتوگۆیە دەکەن کە لە ئیمراڵی دادەنرێت؟

و/ ئیمراڵی بێت، بۆرسا بێت یانیش هەر شوێنێک لە سەری ڕێبکەون با ئەوێ بێت.

**ئەوەی باس دەکرێت نابێ گشتی بێت، بە تەنیا دەبێ لە تورکیا چەک دابنرێت**

پ/ ئایا بە ڕاستی نزیکین لە قۆناغێکی وەها؟

و/ بە ڕای من ئیدی دەکرێت بچنە ئەو قۆناغەوە. بڕوا ناکەم ڕای گشتی تورکیا بەمە ڕابچڵەکێت و شۆک ببێت. بەڵام پێویستە حکوومەت ڕاشکاوانە بە ڕای گشتی ڕابگەیەنێت بۆچی ئەمە دەکات و کارەکان بەرەو کوێ دەڕوات. بۆ نموونە هەموو کەسێک لەم دواییانەدا باسی چەک دانان دەکات، بەڵام لە ئێستادا کەس باسی چەک دانان لە سووریا و عێراق ناکات. ئەوەی جێی باسە چەک دانانە لە تورکیا. کاربەدەستانی تورکیا وەها قسە دەکەن دەڵێن PKK لە ماوەیەکی نزیکدا بە تەواوەتی دەست لە چەک هەڵدەگرێت. ئەمە ئامانجێکی درێژخایەنە. لە هیچ قۆناغێکی ئاشتی دا کارەکان بەم شێوەیە بەڕێوە نەچووە.

پ/ ئەگەر PKK لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی دەست لە چەک هەڵنەگرێت، کەواتە ئۆجالان لە نەورۆزی ٢٠١٥ دا چی ڕادەگەیەنێت؟

و/ لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا ڕایدەگەیەنێت PKK چەک دادەنێت و کە گەیشتنە ئەو خاڵە بۆ بە خاک سپاردنی چەکەکان، ئامادەن میکانیزمێکی چاودێریش دابمەزرێنن، هەر ئەوەندە. خۆ هەر دەبێت ئەمە بڵێت. ئەم شتانە بەم شێوەیە بۆ ڕای گشتی باس ناکرێت. شتێکی دیکەش کە باس نەکراوە بابەتی ئەوەیە کە چەتەکان(پارێزڤانەکان- جاشەکان ) چییان بە سەر دێت؟

**ئەو موڵكانەی پارێزڤانەكانیش دزیویانە بابەتی گفتوگۆكانە**

پ/ ئایا هەڵگرتنی پارێزڤانان بە تەواوەتی، دەبێتە چارەسەر؟

و/ نەخێر. بە رای من بێت نابێ پارێزڤانی بەتەواوەتی هەڵبگیرێت. بە تـایبەتیش پێـدەچێت پێویسـت بە یەكەیەكـی پاراسـتن هەبێـت. دەكـرێ پارێزڤانەكـان خـولێكی پەروەردە ببیـنن و لەو شـوێنانەدا ئەركدار بكرێن. كاتێک لەگەڵ سەبری ئۆک باسی ئەم بابەتەمان كرد رای وابوو كە دۆسیایەكی خوێن لە سەر پارێزڤانەكان نەكرێتەوە و ئەوانەی بە كەسـانێک دەزانـی كە بە هـۆی ئەوەی موحتـاجن، پـارە وەردەگـرن. كێشـەی گرێـدراوی ئەم پارێزڤانـانە ئەوەیە كە مـوڵكی خەڵكـی ئەو گونـدانەیان بە زۆر داگیركـردووە كە چـۆڵ كـراون. لەم ناوچەدا گەلێک زەوی و زاری دزراو هەیە. پێویستە هەموو ئەمانە لە گفتوگۆدا چارەسەر بكرێن. دیارە هیچ كەس لە ئێستادا باسی ئەم راستیانە ناكات.

**ئەگەر ئەردۆغان یـان ئۆجـالان شتێكیان لێ بێت، هەموو شتێک لە سفرەوە دەست پێدەكاتەوە**

پ/ لە راپـۆرتەكەدا باسـی قسـەیەک دەكەن كە لە كاربەدەسـتێكی باڵای توركیا وەرتـانگرتووە؛ " ئەگەر قۆنـاغەكە بەردەوام بێت ئەوا لە سـایەی كاریزمـای كەسـایەتی ئەردۆغـانی سـەرۆک كۆمـارەوەیە" ئەمە میتۆدۆلـۆژییەكی كێشـەدار نیـیە؟ لە راپـۆرتەكەدا ئێـوەش دەپرسن؛ بڵێی ئەردۆغان یان ئۆجالان شـتێكیان لێ بێت، قۆنـاغەكە بەردەوام بێت؟

و/ هەموو شتێک لە سفرەوە دەست پێدەكاتەوە. دیسان دەبێ بەو رێگایـانەدا بـرۆن كە پێشـتر پێیـدا رۆیشـتوون. PKK لە سـەردەمی ئۆجالانـدا بەردەوام رێكخراوێـک بـوو كە لە ناوەنـدێكەوە بەڕێـوە

دەبرا. ئۆجالان لە ئێستاشدا دەتوانێت ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی یەکپارچە ڕابگرێت. بەڵام ئەو گەنجانەی لە ڕووداوەکانی مانگی ئۆکتۆبەردا بینیمان، لە داهاتوودا کێ چۆن کۆنترۆڵیان دەکات، دیار نییە. ئۆجالان ئەمڕۆ لە زیندانـدایە، دەخوازێت بێتە دەرەوە و هەنووکەش خاوەن هێزێکە کە دەتوانێت کاریگەری لە سەر ئینسانەکان دابنێت. حکوومەتی تورکیاش تا دوا ڕادە بڕوای پێیەتی. کێشەکە لێرەدا ئەمەیە؛ ئەگەر لایەنی تورک بۆ بێدەنگ کردنی شەقام سوود لە ئۆجالان وەربگرێت، لە ڕاستیدا ئۆجالان کە بگاتە قۆناغی ئاشتی، ئیتر لاواز دەبێت. ئاگامان لێیە هەندێک کاربەدەستی تورکیا سوورن لە سەر ئەوەی ئۆجالان لە PKK دابـبڕن و پێگەیەکی جیاوازتری بۆ دیاری دەکەن، ئەگەر دەتانەوێ قۆناغی ئاشتی بەڕێوە ببەن ئەم ڕێکارە زۆر مەترسیدارە، چونکە لە کۆتایی دا ناچارن لە گەڵ کەسانی دی قۆناغێکی نوێی ئاشتی دەست پێبکەن. دەبێ واز لە هەڵوێستی "ئۆجالان جودایە و PKK جودا" بهێنن.

پ/ لە ڕاپۆرتەکەدا بانگهێشتی تورکەکان دەکەن کە خۆیان بۆ سیناریۆیەکی ئاوەها ئامادە بکەن؛ "پێدەچێت ئەردۆغان و ئۆجالان لە وڵاتێکی سێهەم لە شانشینێکدا ئاشتی ڕابگەیەنن".

و/ بەڵێ، ئێوە ناتوانن ئەم گریمانەیە ڕەتبکەنەوە. کەسانی وەک من و تۆ کە ئەمڕۆ دەتوانین باسی ئەمە بکەین، لەوانەیە پێنج ساڵی دیکە خەڵکانێکی زیاتر باسی ئەمە بکەن. دەبینن کە حکوومەتی تورکیا هەر لە ئێستاوە بۆ ئەوەی هێمای ئۆجالان ئاسایی بکاتەوە، زۆر هەنگاوی گرنگی هەڵگرتووە. ئیتر ئاسایی بووەتەوە کە لە لاپەڕەی سیاسی ڕۆژنامەکانی تورکیادا وتەکانی ئۆجالان جێ بکەنەوە. کە ئاشتی بکرێت ئیتر شتێکی دوور نییە کە نوێنەرانی هەر دوولا لە شانشینێکدا ببینرێن.

پ/ لەگەڵ ئەمەش ئایا زۆر خەیاڵی نییە کە بوترێت یەکێک لەوانەی شانشینەکە ئۆجالان دەبێت؟

و/ دەکرێ داودئۆغڵوو و دەمیرتاش بن. پێنج ساڵ دواتر یانیش ئەو کاتە کەی بگات و ئەکتەرە سیاسییەکانی ئەو کات کێ بن، ئەوان دێنە سەر شانۆ. بەڵام ئەمڕۆکە هەموو کەس دەزانێت کە ئەم قۆناغە ئەردۆغان دەستی پێکردووە و درێژەی پێدەدات. ئەگەر میراتێک هەبێت کە ئەردۆغان بۆ ئەم وڵاتەی بە جێ بهێڵێت، ئەوا هاوردنی ئاشتییە بۆ ئەنادۆڵ. ئەمە قازانجێکی زۆر گەورەیە بۆ تورکیا، هەڵبەت پێویست بە سەرمایە دانانی سیاسی هەیە.

**ئەگەر ئۆجالان ئازادیش بکرێت، هەرگیز ناتوانێت بە سەربەستی پیاسەیەکی شەقامی ئیستقلال بکات**

پ/ پێشبینییەکی وەها کە ڕۆژێک ئەردۆغان و ئۆجالان بچنە شانشینێک، ئایا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مانای ئازادبوونی ئۆجالان نادات؟

و/ سەبارەت بە ئۆجالان ئەمە ئاشکرایە؛ ئەگەر سەربەستیش بێت، هەرگیز ئازاد نابێت. تەنانەت ئەگەر ئازادیش بێت بە درێژایی تەمەنی ناتوانێت پیاسەیەکی ئازاد بە شەقامی ئیستقلال دا بکات. بەردەوام گارد بە دەور و بەریەوە دەبێت. ئەوەندەی من بزانم لە ئێستادا سەبارەت بە بڕیاری دادگا لە بارەی ئۆجالانەوە هیچ گفتوگۆیەکی ئاشکرا لە ئارادا نییە. بەڵام حکوومەتی تورکیا لە قیمەتی ئۆجالان لە بواری ئاشتیدا بە باشی تێگەیشتووە. پێدەچێت خەڵاتێکی بۆ ئۆجالان بە شوێنەوە بێت. کاربەدەستانی تورکیا لە ئێستاوە هەڵوێستێکیان هەیە کە بە واتای زیندانی ناو ماڵ دێت، کە دەڵێن زیندانی ناوماڵ، چەمکێکی زۆر نەرمە.

پ/ دەتانەوێ بڵێن لە کۆتایی دا ئازاد دەکرێت...

و/ ئەگەر ئاشتی بکرێت بەڵێ. بە ڕای من ئەگەر ئەم کێشەیە کۆتایی پێبێت، لە تورکیادا هیچ کەسێک بە توندی بەرەنگاری ئازادکردنی ئۆجالان نابێتەوە. بەڕای من لە نێوان چەندین ساڵ دا خەڵکانێکی زۆر منەتداری ئاشتی دەبن. ئەمەش هەیە هەڵبەت؛ ئۆجالان ئازاد بکرێت و لە لایەن مرۆڤی ئاساییەوە پێشوازی لێبکرێت، کێبڕکێی دیمۆکراسییەتی ناو بزووتنەوەی ئازادی چۆن خۆی لەگەڵ ئەمە ڕێکدەخات، جێی سەرنج دەبێت. بۆ ئەو ناوبانگ و ڕاکێشەرییەی ئەم قۆناغە کە لە ئیمڕالیدا قوفڵ کراوە بلیتی بەلاش هەیە.

جانسو چام لێبەڵ

http://www.hurriyet.com.tr/dunya/27684264.asp

وەرگێرانی: وریا غەفووری